کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-8-2007 0:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاتی بە خۆداچوونەوە و پۆلێنی خیانەتکارانە... جەلال ڕەووف ئەمین

جاش و ئەوانەی چەکداری بەرەی دوژمن بوون ئاشکران و لیستی ناوەکانیان دەتوانرێ بهێڵرێتەوە و لە هۆکاری هەڵگەڕانەوە و لادانیشیان بکۆڵرێتەوە، ئەوانەی لە ناو خەتە نهێنیەکان و ریزی پێشمەرگەدا بوون ترسناکترین جۆری تاوانیان ئەنجامداوە و کاریگەری خراپیان لەسەر ورەی شۆڕش و جەماوەر هەبووە، بەدەر لە خاوەن فایل کەسانێک هەن ئاسان سەرژمێر دەکرێن



لە ڕێگەی پێشمەرگە دێرینەکان و ئەوانە خەباتی نهێنی ناو شاریان هەیە کە دەکرێت ئاماژە بە جۆری کەتن و خیانەتەکانیان بدرێت، ئێستا کە بەینی یەکێتی و پارتی لە باشیدایە باشترین کاتە بۆ دروست بونی وەرشەیەکی دیراسی تا خیانەتی نیشتمانی کوردی لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیانەوە هەڵبسەنگێندرێ و بە نزیکەیی ڕێژەیەکی سەدی بۆ دابنرێ، ئەگەر ئێستا و داهاتوی گەل بە هەند وەربگیرێ دەبێ لە ئاراستە و پارێزگاری بۆچونەکانیاندا بە گشتی و وەچەکانمان بە تایبەتی وردەکاری مێژویی ئەنجام بدرێت تا ناسۆرەکانی خیانەت بنڕ بکرێ و لەمپەڕی دوبارە نەبونەوەیان بۆ دابنرێ، ساڵی 1984 لە ناو پێشمەرگەکانی بناری سورێندا دەنگۆی ئەوە هەبوو بەرپرسێکی ناوچەی پارتی لە ڕێگەی جاشی دەڤەرەکەوە پەیوەندی بە ڕژێمەوە کردبێ، دەرچونی کەسێک بە برینداری لە بۆسەیەکی بەعسیەکانی ئەو دەڤەر و سەردەمەدا و گێڕانەوەی ڕوداوەکەی دەنگۆکەی کرد بە گومان لەسەری، بە گرتنی 2 جاش و دانپیانانی پەیوەندیداری هەمان بەرپرس ئیدی هەواڵەکە بە سەلمێندراوی و هاوپێچ بە کاسێتی دەنگی جاشەکانەوە لە ڕێگەی چەند دڵسۆزێکەوە گەیەندرایە کاک مەسعود بارزانی بەڵام بەداخەوە بەرپرسەکە تەنها جێگا و پلەکەی گۆڕدرا، هەر لەو ساڵانەدا بوو لیژنەیەکی پشکنین بە سەرپەرشتی دکتۆر ڕۆژ هاتبونە سنورەکەمان لە سورێن کاتێک بینیان مەفرەزەیەکی جاش هاتنە ناو قوڵایی هێزەکانمان و عەینەدین و پێشمەرگەیەکی تریان شەهید کرد و بۆی دەرچون، دکتۆر ڕۆژ پێی وتین: ئێوە دەبوو لە ناو جەرگەی دوژمندا دەستان بووەشاندایە نەک بەم جۆرە شەهید بکرێن لە نزیک بارەگاکانی خۆتان کە ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ هەبونی لەو جۆرە کەس و بەرپرسە خائینانەی دەبونە دەستکێش و چاوساغی دوژمن، ساڵی 1987 بارەگامان لە گوندی شەممە بو ناوچەی سلێمانی بانگیان کردم و پێیان ڕاگەیاندم کە پلانی بە هێز کردنی خەتە نهێنیەکانیان هەیە و ناوی کەسێکیان هێنا کە پەیوەندی بۆ دروست بکرێت لە ئیشی ناوشاردا منیش نامەیەکم بۆ نوسی کە بچێت لە سلێمانی پەیوەندی بە خەتی 3 وە بکات، کاتێک دەچێتە لای هەڤاڵانی شار بەردەوام داوای چەک و تەقەمەنی لەوان دەکات ئەوانیش دەڵێن تۆ خۆت لە شاخەوە نێردراویتە لامان دەبو لەوێ چەکت بهێنایە، بەم جۆرە ئەم نێردراوە دەنگی بەرپرسەکەیان ڕیکۆرد دەکات و دەیبات بۆ ئەمن بە خولە جاش دەڵێت:- دەنگی جەلالیەکم تەسجیل کردووە کاتێک خولە گوێی لێدەگرێت پێی دەڵێت:- لای ئەمنەکان باسی مەکە پاداشتەکەی چەندە من ئەدەمێ چونکە ئەم کورەی دەنگی تۆمارکراوە پارتیە و خزمی منیشە ئیتر دیزە بە دەرخۆنەی دەکەن لەبەینی خۆیاندا بەڵام خولە لە ڕێگەی برای بەرپرسەکەوە ڕوداوەکە بە خەتی 3 دەگەیەنێ، ساڵی 1989 کە ئێمە وەک پێشمەرگە بارەگای ناوچەمان لە گوندی نەنۆڕی دیوی ئێران بو لە ڕێگەی شەهید دکتۆر عەلی بە ئاگاداری کاک ئاکۆ و کاک فازیل و کاک شەماڵ عەلی بە فەرمی وەک نوێنەری ناوچە نێردرامەوە و ڕێگەم پێدرابو بە نوسراوێک کە پەیوەندی بکەم بە شانە نوستوەکانی ناو شارەوە، لە دوای 2 کۆبونەوەم لەگەڵ ئەندامانی خەتی 3 دا شەوێک کاتژمێر 11 ماڵەکەمان بە قوات خاسە دەوری گیرا و بە دیلی بردمیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام وەک ئەو زانیاریانەی لە کاتی لێداندا داوایان دەکرد هیچیم پێنەگیرابو بۆیە داوایان کرد جێگەی ژیانی 2 ئەندامیان پێبڵێم (جەلال شەریف: کاسپ، ئەحمەد حەمە کەریم: خوێندکاری زانکۆی بەغداد) لە ناو هێنانی ئەم 2 ئەندامەوە من زانیم کێ داومی بە گرت و چەند لە بارەمەوە دەزانرێت چونکە شانەکان سێ سێ ڕێکخرابون کەواتە کەسی سێیەم کە کاتی خۆی ئەویش دیسان لە ڕێگەی ناوچەوە نێردرابووە ناو خەتەکەوە بەم تاوانە هەستابو، ساڵی 1988 لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە ناومان نوسرا بۆ بەشداری کردن لە شەڕی خواکورک بەڵام پیاڕانەگیشتین و کۆتای بە شەڕەکە هات یەکیک لەوانە کاک دیاری حسەین بەگ زۆر بە داخی ئەوەبو کە بەشداری نەکرد، لەوکاتەدا باسی ئەوەی گێڕایەوە کە لە چالاکیەکدا بە چاوی خۆی دیویەتی یەکێک لە پێشمەرگەکان لولەی تفەنگەکەی دەکاتە ئەم بە مەبەستی کوشتن و بریندار دەکات.

تێبینی/ ناو نەهێنانی تاوانبارەکان بۆ ئەوەیە کە پارتی بۆ بەرژەوەندی ستراتیجی نەتەوەیی لە خەت و خەباتی شاخی خۆیدا بە هاوکاری یەکێتی نیشتمانی هاوکات و پێکەوەیی بە خۆداچونەوەیەکی تەواو ئەنجام بدەن و کۆنوسی ناوی تاوانبارانی نەتەوەیی ڕابگەیەنن، 2 تاوانبارەکەی خەتی 3 یەکێکیان دانی بە تاوانەکەی خۆیدا ناوە بەڵام کەتنکەری دەنگ تۆمارکەر تا ئێستاش خۆی بە شۆڕشگێڕی عەیارە 24 دەزانێت هەرکاتێک هەنگاوی پۆلێنی باش و جاش نرا من ئامادەم ناوی سیانی و ڕونکردنەوەی زیاتریان لەسەر بدەم، خولە جاش لە ئەمنە سورەکە کاتی ڕاپەڕین کوژرا زاوای مام حسەینی مجەور بو لە گەڕەکی ئازادی 2 هۆکار هەبو کە خولە ئەو کاسێتە تەسلیم بە ئەمن نەکات 1- پیاوەتی دانەوەیەکی کۆن بو لەگەڵ باوکی بەرپرسی خەتەکە 2- ڕێخۆشکردنی خەتی گەڕانەوە بو بە تایبەت لەگەڵ پارتی کە ئەم دوای کوژرانی جاش عومەری برای زۆر دژی یەکێتی بو.

garmyan@hotmail. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.